# پەیامی کونگرەی ١٢ی کۆمەڵە بۆ بنەماڵەی گیانبەخت کردووان

**بنەماڵەی ئازیزی گیانبەخت کردووانی کۆمەڵە!**

**رۆڵەکانی گیانبەخت کردووی ئێوە و هاورێ یانی ئێمە رێبوارانی فیداکاری رێگای ئازادی و رزگاری ئینسانی چەوساوە و ستەم لێکراو بوون. ئەوان ئەستێرەی درەوشاوە بوون کە بە راوەستاوی و خۆراگری خۆیان رێگای سەرکەوتنیان بە ئێمە نیشان دا. ئەگەرچی ئەمرۆ جێگای ئەوان لە ناو ریزەکانمان دا خاڵییە بەڵام ئێمە بەو پەری شانازیەوە رێگای ئەوان بەرەو بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی پیرۆزیان دەپێوین.**

**بەڵام ئازیزان ئێوەش بە خۆراگری خۆتان لە بەرانبەر خەمی قورسی لە دەست دانی جگەرگۆشەکانتان باخی سەر سەوزی ئەو خەباتەتان بەردەوام ئاودێری کردوۆ. ئیرادەی پتەو و ورەی بەرزی ئێوە بۆ ئێمە هاندەر و هیوا بەخشە لە خەباتێکی عادیلانەدا کە ئەرکی هاوبەشی هەموومانە. لە کونگرەی دوازدەهەمی کۆمەڵەوە سڵاوتان پێشکەش دەکەین و دەستەکانتان بە گەرمی دەگوشین، شانازی دەکەین بەوەی کە ئاڵا هەڵگری رێبازێکین کە رۆڵە تێکۆشەرەکانی ئێوە لە پێناویدا گیانیان بەخت کرد.**

**ئێمە بەشدار بووانی کونگرەی ١٢ی کۆمەڵە وێرای دەربڕینی ئەوپەڕی رێز و خۆشەویستی خۆمان بۆ ئێوە، لەگەڵ هاورێ یانی گیانبەخت کردوو و هەموو خەڵکی بێ بەش و چەوساوە بەڵێن تازە دەکەینەوە کە ئاڵای سووری کۆمەڵە هەتا سەرکەوتنی یەکجاری و گەیشتن بە دونیایەکی ئازاد و ئاسوودە و یەکسان هەر شەکاوە رابگرین.**

**کونگرەی ١٢ی کۆمەڵە**

**گەلاوێژی ١٣٨٥ی هەتاوی**